# سەرۆکی هەرێمی کوردستان، موسڵ شارێکی کوردیو کوردستانییە!




دووشەممە 12.12.2005

**دەرسیم دیبەگەیی**

Darsim88@hotmail.com


لەگەڵ دەست پێکردنی لێدانی ڕژێمە دکتاتۆرو ڕەگەزپەرستەکەی سەددامو بەعسدا، سەرکردە کوردەکان یەک لەدوای یەک بەڕێزان مەسعود بارزانیو مام جەلال، ڕایانگەیاند کە موسڵ، شارێکی عەرەبییەو کوردی نییە! دواتر هەر یەکەیان لە بۆنەو شوێنی جیاجیادا هەمان لێدوانیان دووبارەو سێبارە کردۆتەوە، ئەوە جگە لە چەند ئەندامێک لە هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە جەختیان لەسەر عەرەبێتی شاری موسڵ کردۆتەوە!
سەرەتا ئەو لێدوانانەی سەرۆکی هەرێم، سەرۆک کۆماری ئێراق کە ئێستا کوردە (مام جەلال)، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا، زۆر مەترسیدارەو بەهیچ شێوەیەک پێویست ناکات هیچ کامێک لەوان لێدوانی لەو چەشنە بدەن، چونکە شاری موسڵ شارێکی کوردیو سەر بە کوردستانە، هەروەها شاری موسڵ، شاری هەموو کوردێکەو بەتەنیا هی پارتێک، سەرکردەیەک، لایەنێک، ئاغایەک، شێخێک یان سەرمایەدارێک نییە، تاوەکو بەتەنیاو بە ئارەزووی خۆی پێشکەش ئەمو ئەوی بکات! ئەگەر ئەوڕۆش، دەرفەتی داواکردنەوەو گەڕاندنەوەی شاری موسڵ بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەبێت، با سەرکردەکانمان ئەو دەرگایە بەسەر گەلی کوردستانو نەوەکانی داهاتوودا دانەخەن!! کورد گوتەنی "قەرد کۆن دەبێت، بەڵام نافەوتێت"، شاری موسڵیش با وەکو قەردێک لای عەرەبی داگیرکەر بمێنێت، نەوەک لێی خۆشبینو خۆمان بەدەستی خۆمان بینێژینو فاتیحەی بۆ بخوێنین، لەکاتی پەشیمانیش فرمێسکی بێسوودی بۆ بڕێژین.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسعود بارزانی لەڕۆژی شەممە 10.12.2005دا لە (مەسیف) پێشوازی لەشاندێکی پێکهاتە جیاجیاکانی پارێزگای موسڵ کردو، لە وتەیەکدا کە دەقەکەی لە ڕۆژنامەی "خەبات"، ژمارە (2000)ی یەکشەممە 11.12.2005دا بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی شاری موسڵ گوتی: (من دەخوازم ئێوە بۆ برایانی عەرەبیش قاسیدی ئێمەبن لە موسڵ، بەڕاستی ئێمە غەیری باشی ئێوە شتی ترمان ناوێت، مومکینە زۆرجار تەسەوراتی هەڵە بێتە گوتن کە کورد چاویان بڕیوەتە موسڵ، وەڵڵا ئێمە هیچ تەماعکارییەکمان لە مووسڵدا نییە، چونکە ئێمە هەموو ئێراق بە هی خۆمان دەزانین، ڕۆڵی ئێمەش ڕۆڵێکی سەرەکی بێت نە تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە ئێراقیش کە ئێراقێکی فیدراڵو دیموکراتو فرەحزبی دابمەزرێنن).

بەڵگە زۆرن بۆ سەلماندنی کوردستانێتی شاری موسڵ، بەڵام لێرەدا تەنیا بەڵگەیەکی خودی بارزانیو بەڵگەنامەیەکی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق کە دواتر بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دەخەمەڕوو.

بەڵگەنامەی یەکەم: بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە لاپەڕە 84-85ی بەشی سێیەمی پەرتووکی"البارزاني والحركه التحرريه الكورديه"، کە بەزمانی عەرەبی نووسیوێتی، دەڵێت: (یەکێ لەداواکارییەکانی شۆڕشی کوردستان کە لە 5ی ئازاری 1963دا پێشکەش بەو شاندە گەلییەی کەحکومەتی عێراق بۆ کوردستانی ناردبوو و پێکهاتبوون لە (محەمەد ڕەزا

**شبیبی، فائق سامەڕائی، حوسێن جەمیل، فەیسەڵ حەبیب خەیزەران، دکتۆر عەبدولعەزیز دوری و زەید ئەحمەد عوسمان)، دیاریکردنی سنوری کوردستان بوو کە لەخاڵی دوودا بەم شێوەیە باسی دەکات (2- سنوری کوردستان: لەباکورەوە تورکیا، ڕۆژهەڵات ئێران، ڕۆژئاوا سوریاو باشووریش چیای حەمرین).**

**بەگوێرەی ئەو بەڵگەیەی بارزانیو داواکارییەکانی شۆڕشی ئەوکاتی کوردستان، ئەوە شاری موسڵ-یش لەنێو سنووری ئەو کوردستانەیە کە داواکراوە حکومەتی عێراق، دانی پێدا بنێت! کاتێ کە دەڵێت لەڕۆژئاواوە سوریا، هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە موسڵ بە بەشێک لە کوردستان دانراوە. هەروەها سەدان بەڵگەنامەی حکومەتو مێژوونووسو گەڕیدەکانی ئێراقی، عەرەبی، ئیسلامی، تورکی، فارسیو بیانی لەبەردەستدانو گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن، کە سنووری ئێراق لە باکوورەوە هەرگیز لە (تکریت – بەلەد – سامەڕا) لەسەر ڕووباری دیجلەو لە (هیت) لەسەر ڕووباری فورات تێنەپەڕیوە!**

**بەڵگەنامەی دووەم: نووسەرو ڕۆژنامەنووس عەبدوڵلا زەنگەنە، لە لاپەڕە (3)ی ژمارە (1371)ی چوارشەممە 25.2.2004ی ڕۆژنامەی "خەبات"دا، بەپشتبەستنی بە(موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري) کە لەساڵی 1949دا بڵاوکراوەتەوە، وتارێکی لەژێرناوی "57 ساڵ لەمەو بەر داواکاری کورد، لەیەکەمین پەیمانی میللی و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کورد، لەژێر سایەی (مەلا مستەفای بارزانی)دا فیدراڵی بووە؟! لەو وتارەدا نووسەر زەنگەنە، دەقی پەیمانی میللی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق، دەخاتەڕوو و باسی ئەوە دەکات کە: (لەخاڵی یەکەمی پەیمانی میلیو پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق هاتووە: بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی لە کوردستانی عێراقدا کە بریتی بێ لە لیواکانی موسڵو کەرکوکو هەولێرو سلێمانیو خانەقین بەرێگای سیاسیو هەموو وەسیلەیەکی دی بشێت کۆشش دەکەین بە مەرجێک یاساو سەرۆکی ئەو دەوڵەتە لەلایەن میللەتی کوردەوە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆو دەنگی نهێنییەوە هەڵبژێردراو دابنێین).**

**بەپێی داواکارییەکانی پەیمانی میللی و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کورد (پارتی دیموکراتی کوردستان)، داوای تەواوی پارێزگای موسڵو شارەکانی تری باشووری کوردستان کراوەو، تەنانەت داوای مافی دروستکردنی دەوڵەتێکی دیموکراسی لە کوردستانی عێراقدا کراوەو، ئۆتۆنۆمی یان ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە هەر لەبەرنامەی پارتیدا نەبووە!!**

**لەکاتێکدا کە سەرۆکی هەرێم لە پەرتووکێکی خۆیو لە پەیمانی میللی و پرۆگرامی ئەو پارتەی کە خۆی سەرۆکێتیو هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پارتەکەدا، داواکارییەکانی تەواوی باشووری کوردستانی گرتبێتەوە بەشاری موسڵ-یشەوە، دەبێت حیکمەت لەوە چی بێت، ئێستا بەو ئاسانییە، بەڕێزی شاری موسڵ بەشارێکی عەرەبی بزانێت؟**

**هەر لەئەنجامی لێدوانە کۆنەکانی سەرۆکی هەرێمو سەرۆک کۆمار بوو، سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانو لێپرسراوی مەڵبەندی 3ی یەکێتیی لە هەولێر، لەدیمانەیەکدا کە لە لاپەڕە 7ی ژمارە 194ی هەفتەنامەی "میدیا"دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت: (من پێم خراپە چ مام جەلال چ کاک مەسعود باس لەعەرەبیەتی موسڵ بکەن، چونکە ئەمە واقیعیەتی نییە. من ناڵێم موسڵ کوردستانە یان عەرەبستانە، باسەرژمێری بکرێ پاش ئەوە دەردەکەوێ، ئەگەر جیاوازیش هەبێ جیاوازییەکە زۆر گەورە نییە، جیاوازییەکی زۆر بچوک هەیە، ئێمە دەبێ حیسابی ئەوە بکەین، ڕژێمی عێراق لەناوەڕاستی هەفتاکانەوە دوو پرۆسەی دەست پێکرد، پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزیو "ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی" کە لە گوێرەوە دەست پێدەکا، کەلەکی یاسین ئاغا، خازر، شێخان، عەین زالە، تا ڕەبیعە لەناوەوەی ئەو کەوانەیە هەرچی هەیە، لەدەفتەری تۆمارگەکانی ڕژێم یا بەعەرەب نووسراوە. یان لەڕاستیدا هەر تۆمارنەکراوە. ئەوەش 300-400**

هەزار ئێزیدی دەگرێتەوە، ڕەنگە نزیکەی 100 هەزار میران‌و کۆچەرو 150 هەزار گۆران‌و شەبەک‌و کاکەیی بگرێتەوە، کە ئەمە دەکاتە 700–800 هەزار کەس کە لەڕاستیدا لەهیچ دەفتەرێکی تۆمارگەدا ناویان نییە، ئێستا لەموسڵ سەرژمێریێ بکرێ، دڵنیام لەسەرووی یەک ملیۆن هاووڵاتی کورد لەموسڵ دەردەچێ).

هیوادارم هیچ سەرکردەو لایەنێکی کوردیو کوردستانی هیچ لێدوانێکی لەم جۆرە نەدەن کە ببێتە دابڕینی شارێک، ناوچەیەک یاخود بەشێکی کوردستان، چونکە کوردستان موڵکی هەموومانەو لەسەر هیچ کەسێک تاپۆ نەکراوە تاوەکو بەئارەزووی خۆی بیبەخشێتەوە. با هەموومان ئەو وتەیەی بارزانی نەمرمان لەیاد بێت کە دەڵێت؛ (نامەوێت بەهیچ شێوەیەک سازش لەسەر شاری کەرکوک بکەم‌و، دوای مردنم هەر کوردێک بەتەک گۆڕەکەمدا بڕوات‌و قسەی سووکم پێ بڵێت‌و بەنەفرەتم بکات).